# رێگای عێراق تا ئەفغانستان؛ وانەی رووخانی سوپاکان!

18-08-2021

### نووسەرەکان

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو

**کورتە :** لەیەك لاوە، ئەفغانستانی 2021 لە عێراقی 2014 دەچێت کە تێیدا، چەکدارانی داعش توانیبوویان جوگرافیایەکی پان و بەرین لە بندەستی هەزاران لەشکری پرچەك و تفاقی عێراق دەربێنن. دارمانی خێرای دەوڵەت لە ئەفغانستان و نەمانی توانای سوپا بۆ شەڕی تالیبانیش دیمەنێکی هاوشێوەی کەوتنی موسڵ بوو لە عێراق. ئەمریکا کە دەڵێن ملیاران دۆلارمان لە بنیاتنانی سوپای ئەفغانستاندا خەرج کردووە، وایدەزانی

زریان ڕۆژهەڵاتی|

**بەرایی**

لەیەك لاوە، ئەفغانستانی 2021 لە عێراقی 2014 دەچێت کە تێیدا، چەکدارانی داعش توانیبوویان جوگرافیایەکی پان و بەرین لە بندەستی هەزاران لەشکری پڕچەك و تفاقی عێراق دەربێنن. داڕمانی خێرای دەوڵەت لە ئەفغانستان و نەمانی توانای سوپا بۆ شەڕی تالیبانیش دیمەنێکی هاوشێوەی کەوتنی موسڵ بوو لە عێراق. ئەمریکا کە دەڵێ ملیاران دۆلارمان لە بنیاتنانی سوپای ئەفغانستاندا خەرج کردووە، وایدەزانی، 90 ڕۆژی پێدەچێ هەتا تالیبان بگاتە کابول، بەڵام، ئەوە تەنیا چەند ڕۆژێکی کەمی خایاند! نوری مالکی سەرۆکوەزیرانی ئەوسای عێراق، کاتی خۆی گوتبووی ئەوەی داعش لە موسڵ کردی نەك بردنەوەی شەڕ، بەڵکوو پیلانگێڕییەکی نێودەوڵەتی بوو. ئەشرەف غەنیش گوتوویەتی بۆ ڕێگرتن لە خوێنڕێژی، وڵاتەکەی جێهێشتووە. گوتەی بەرپرسەکان هەرچۆنێك بێت، لە ئەنجامدا داعش ئەو کاتە شەڕەکەی بردەوە و، ئێستاش تالیبان سەرکەوت. پرسیار ئەوەیە کە بۆچی سوپای ڕاهێنراو، پڕچەك و پۆشتەی عێراق و ئەفغانستان نەیانتوانی بەرگەی شەڕ بگرن؟ لە ڕاستیدا چیرۆکی کەوتنی موسڵ و کەوتنی تالیبان شتێکمان پێدەڵێت، ئەویش ئەوە کە لێرە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، تەنیا پارە، ڕاهێنان و چەکەمەنی، بەس نین بۆ ئەوەی شەڕێك ببەیتەوە!

**قۆناخی دووەمی تالیبان**

قۆناخی دووەمی دەسەڵاتی تالیبان، بەرلە گشت لایەك بۆ ئێران پڕە لە پرسیار کە نزیکەی 1000کم سنووری هاوبەشی لەگەڵیان هەیە. کشانەوەی ئەمریکا و گەڕانەوەی تالیبان بە دیوێکدا گەڕانەوەیە بۆ جۆرێك هاوسەنگی هێز لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست! ئەمە بەشێوەیەکی ڕاستەوانە کاریگەریی لە سەر دۆخی ئاسیای ناوەڕاستیش دادەنێ و، ئەوەی بە وڵاتێکی وەك عێراقیشەوە گرێی دەدات، زیاتر بابەتی مان و نەمانی ئەمریکایە. گەلێك لە ئێستاوە خەمیانە کە بزانن ئایا ئەوەی لە کابول ڕوویدا، لە عێراقیش دووبارە دەبێتەوە یان نا؟ لایەك خەمی ئەوەیانە کە نەکا، بەشێك لە گرووپە چەکدارییەکانی شیعە بە تەما بن دوای ئەمریکا دەست بەسەر هەموو وڵاتدا بگرن و، بەشێکیش ترسی ئەوەیان لێنیشتووە کە نەکا داعش دووبارە ڕاست بێتەوە.

لەماوەی کورتخایەندا، جارێ گرووپە چەکدارییەکانی شیعە لە نێوخۆیاندا یەك نین، هەتا بتوانن هاوشێوەی تالیبان بە تۆکمەیی، دەست بەسەرعێراقدا بگرن. ئەمە بێجگە لەوەی کە ڕەنگە هاوسەنگیی هێز لە ناوچەکە بۆ ئەوە دەست نەدات.

خاڵێکی هاوبەشی نیگەرانی بۆ کورد و شیعەکانیش ئەگەری دەرکەوتنەوەی گرووپێکی ڕادیکاڵی سوننەیە. ئینجا ئەمە داعش بێت یان هەر ڕێکخراوێکی دیکە. هەرچەند بەشێك لە سەرکردە سیاسی- سەربازییە شیعییەکان پێچەوانەکەی بڵێن، بەڵام زۆرێك لە فەرماندە سەربازییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستانیش پێیانوایە کە هێشتا بۆ بەرنگاربوونەوەی داعش یان هەر ڕێکخراوێکی توندڕەوی دیکە، لانیکەم پێویستی بەپاڵپشتیی هەواڵگری و هێزی ئاسمانی ئەمریکا و هاوپەیمانان هەیە.

گەڕانەوەی خێرای تالیبان لە ئەفغانستان بەشێك لە هێزە شیعییەکان نیگەران دەکات چوونکە، لەوانەیە ورە و دەرفەتی کاری گرووپە ڕادیکاڵە سوننییەکان لە عێراق زیاتر بێت، ئەمەش بەستێنێکی تایبەت بە خۆی هەیە چونکە، جیلی دووەمی داعش خەریکە بە خشکەیی لە کەمپەکانی ژێردەسەڵاتی هێزە شەڕکەرەکانی دژی داعش لە عێراق و سووریا پێدەگات. هەروەها ناسەقامگیریی ئەمنی و سیاسی لە ناوچە سوننییەکانی عێراق هێشتا بەردەوامە و هەوڵەکانی حکومەتیش بۆ گەڕاندنەوەی ئاوارەکان بە کردەوە ڕووبەڕووی ئاستەنگی گرووپە چەکدارییەکان دەبێتەوە. بەشێکی دیاری نفووسی سوننەش لە عێراق لە ئاوارەیی و دۆخێکی ناهەمواردایە و ئەگەر ئەمە چارەسەرنەبێت، حەوزێکی مرۆیی بەهێز بۆ شەپۆلێکی دیکەی ناڕەزایی سوننی دروستدەکات.

**وانەکانی موسڵ و کابول**

ئەو باسەی کە دوای دووەمین ڕۆیشتنی ئەمریکا لە عێراق، جارێکی دیکە داعش یان هەر ڕێکخراوێکی دیکە بتوانێ نەزمی ئاڵۆز و سستی دەوڵەت لە عێراق بشێوێنێ، مژارێکی گرنگە، بەڵام با لێرە، بگەڕێینەوە سەر وانەکانی چیرۆکی کەوتنی سوپاکان:

**یەکەم:** ناتوانی بە پارە سوپایەکی قایم بۆ هیچ دەوڵەتێك دروستبکەی، ئەگەر خواستی بنیاتنانی سوپا لە خودی کۆمەڵگاکەوە نەیێت. بەگوێرەی هەندێك لە سەرچاوەکان ئەمریکا لە دوای 2003 نزیکەی 26 ملیار[1] دۆلاری خەرجی ڕاهێنان، بنیاتنانەوەی سوپا و ئاسایشی عێراق کرد بەڵام، لەگەڵ هاتنی داعش لە 2014 بەشی هەر زۆری بە هەوادا چوو. لە 20 ساڵی ڕابردوودا 83 ملیاریشی لە بنیاتنانەوەی سوپای ئەفغانستان خەرج کرد کە بەرگەی چەند ڕۆژێکی گەڕانەوەی تالیبانی نەگرت.[2]

بنیاتنانی سوپا و دەوڵەت ڕێك گرێدراوی یەكن، لە خوتوخۆڕایی نییە كە ئەو كۆمەڵگایانەی نەیانتوانیوە هێزێكی سوپایی تۆكمە و یەكانگیریان هەبێ، نەشیانتوانیوە دەوڵەت یان دامەزراوەیەكی بەڕێوەبردنی بەهێزیش بنیات بنێن.

بۆ هەرێمی كوردستانیش ئەوە ڕاستییەكی حاشاهەڵنەگرە كە پرۆژەی ریفۆرم و چاكسازی لە وەزارەتی پێشمەرگە و پاڵپشتیی هاوپەیمانان و چەك و تفاقەكانیش، بە تەنیا ناتوانن بناخەی سوپایەكی بەهێز بۆ كورد دابنێن ئەگەر ئیرادەیەكی سیاسی ڕاستەقینە لای سەركردەكانی كورد بۆ ئەو كارە نەبێت. كەوتنی شارەكانی ئەفغانستان و تەسلیم بوونی سوپاكان وەك پوولی دۆمینە، زەنگێكی ئاگاداركردنەوەیە بۆ هەر یەكەیەكی سوپایی فرەسەر و فرە فەرماندە!

**دووەم:** ئەوەی پشت بە خۆی نەبەستێ دواجار هەر تووشی گرفت دەبێ. هاوپەیمانییەكان بەشێكی گرنگی دنیای سیاسەت و پەیوەندیی نێودەوڵەتانن، بەڵام ئەوانە دەگۆڕێن و هەمیشەیی نین. بۆیە هەركەس ناچارە فریای خۆی بكەوێت. ئێستا كە باس لە ئەگەری كشانەوەی ئەمریكا هەیە، دیدگای باو خەریكە وای لێدێت كە پێویستە عێراق پەنا بۆ ئێران و توركیا ببات تا لە زیانەكانی ململانێكان لە نێو وڵاتەكەی كەمبكاتەوە! ڕاستییەكەی ئەوە ڕێگایەكە بەڵام چارەسەرە ڕاستییەكە نییە. عێراقیش و هەرێمی كوردستان، بەرلە هەر هاوپەیمانییەك، پێویستیان بە یەكخستنەوەی دۆخی ناوخۆیان هەیە.

**سییەم:** زیاتر لە دووسەد ساڵ پێش ئێستا ژۆمینی گوتبووی كە"چەكەكان لە خۆیانەوە جەنگ نابەنەوە."و ئەم قسەیەش لە نموونەی كەوتنی موسڵ و كابول دا ڕاست دەرچوو.

**چوارەم:** كاتی خۆی زبیگنیو برژنیسكی گوتبووی كە ئیدی كیشەی گەورەی ئەمریكا ئەوەیە كە چۆن ڕووبەڕووی دوژمنێك بێتەوە كە خۆی لاوازە، بەڵام پاڵنەری بەهێزی هەیە. ئێستا ئیدی ئەمە نەك تەنیا كێشەی ئەمریكا بەڵكوو كیشەی هەموو دنیایە. كێشەی عێراق و هەرێمی كوردستانیشە. ئەزموونی شەڕەكانی ئەم ساڵانەی دوایی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەریانخستووە كە فاكتەری بیروباوەڕ لە جەنگەكاندا بایەخێكی ئێكجار زۆری هەیە. گرنگ ڕاستی و دروستی باوەڕكان نییە بەڵكوو گرنگ ئەوەیە كەسانێك هەن، بۆ باوەڕێك شەڕدەكەن و ئەگەر تۆش ئامانجێكی بەهێزت نەبێ، ناتوانی تەنیا بە پشتبەستن بە هاوپەیمان و چەكەكانت و تەنانەت تەنیا بە هێز ڕووبەڕوویان ببیتەوە!

**پێنجەم:** عێراق و ئەفغانستان لە ماوەی 40 ساڵی ڕابردوودا، بەردووام لە نێو شەڕی گەورە و بچووكدا بوون و شەڕ وەك بەشێك لە ژیانی كۆمەڵگەی لێهاتبوو. بۆیە ئەستەمە كەوتنی سوپاكان لە موسڵ و كابول بە ترسنۆكی و نەبوونی ئازایەتی شەڕ ڕوونبكرێتەوە. بەڵام مێژوو پڕن لە نموونەی ئەو شكستانەی كە بەهۆی شەڕی بێ ئامانج و جەنگاوەری بێ ورەوە تۆماركراون. ئامانج و ورە، دوو كۆڵەكەی گرنگی ئامادەیی فكری و دەروونیی جەنگن. جۆن كیگان گوتوویەتی شەڕ بۆ سەربازەكان ڕووداوێكی ڕاستەقینەیە كە بە ژیانی خۆیان هەستی پێدەكەن بەڵام، لەوانەیە بۆ فەرماندەكان و ڕابەرەكان بابەتێكی ئەوەندە هەستپێكراو نەبێت. جا كاتێ بەینی نێوان ئەو دوانە( سەرباز و فەرماندە) گەورەتر دەبێت، ئیدی سوپا شەڕی پێناكرێت. ئەمە لە ئەفغانستانی 2021 و لە یەكەمین پەلامارەكانی داعش بۆ هەرێمی و كوردستان و عێراقیشدا ڕوویدا. زیاتر لە 2000 ساڵیشە سون تزو گوتوویەتی، مەرجێكی بردنەوەی جەنگ ئەوەیە كە خەڵك و سەركردەكان لەیەك ڕێگا و ئامانجدا بن!

[1] ـ
https://www.cnbc.com/2018/02/12/88-point-2-billion-us-dollar-price-tag-for-rebuilding-iraq-after-islamic-state-war.html#:~:text=The%20U.S.%20alone%20spent%20%2460,of%20al%2DQaida%20in%20Iraq.

[2] ـ https://time.com/6090830/us-spending-afghan-army-billions/